Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.12

# پێشینه و ئاراستەی سیاسیی دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد ـ عێراق 1946 (توێژینەوەیەکی مێژوویی ـ سیاسییە)

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Fouad Hassan Hussein
fuad.hussein@su.edu.krd

RECEIVED :29 /06/2025
ACCEPTED :10/09/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

**فوئاد حەسەن حسێن**/ بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پ.ی.د شوان محەمەدئەمین تەها**/ بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ـــ هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

شرۆڤەکردنی پێشینە و ئاراستە سیاسیی دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد – عێراق ساڵی 1946، لە توێژینەوەیەکی زانستیدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم پارتە تاوەکو ئەمڕۆ لە گۆرەپانی کوردستان و ناوچەکەدا بوون و کاریگەری خۆی هەیە. ئامانج لەم توێژینەوەیەدا ئاسانکارییە بۆ تێگەیشتن لەو ڕووداوانەی لەنێو ئەم پارتەدا ڕوویانداوە و بوونەتە هۆکاری هاتنە ناوەوەی خوێنی تازە. توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بە پشتبەستن بە میتۆدی وەسفی شیکاری، هەوڵیداوە باسی زەمینەی دامەزراندنی پارتی لەو قۆناغەدا بکات و لەو سۆنگەیەوە لە پێشینە و ئاراستەی سیاسی دامەزرێنەرانی بکۆڵێتەوە. دەکرێت بوترێت دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد – عێراق لە دەستەبژێری کۆمەڵگەی کوردی باشووری کوردستان بوون، لەبەر ئەوەی زۆربەیان لە ڕۆشنبیرانی شاریی، خانەدان و بنەماڵەکان پێکهاتوون.

وشە سەرەکییەکان:
باشووری کوردستان،
لێژنەی ئازادی،
یەکگرتن و پارتی.

About the Journal
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1-پێشەکی:

سەدەی بیستەم دوو یەکگرتنی کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد بە مەبەستی یەکخستنی گشت تواناکانی نەتەوەی کورد لەخۆ دەگرت، یەکەمیان ساڵی 1927 بە دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون بەدی هاتووە، بەڵکۆ ئەم هەوڵە پاش لەدەستدانی دەرفەتێکی هەشت ساڵ لە دوای کۆنگرەی ئاشتی 1919 بووە. دووەمیشیان دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد ــــ عێراقە لە ساڵی 1946دا. ئەمەش ساڵێک پاش کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی (1939 ـ 1945) بووە، کە نیشانەی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی بەرزی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان دەگەیەنێت. لە ئەنجامی دامەزراندنی ئەم پارتەوە، زۆرینە کۆمەڵە کوردییە چالاک و ناچالاکەکانی باشووری کوردستان لە ناو قەوارەیەکی سیاسیدا کۆبوونەوە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان پارتی دیموکراتی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسی ڕۆڵ دەگێڕێت و درێژە بە کردەی سیاسییانەی خۆی دەدات.

دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە ساڵی 1946دا بە سێ خولی دانیشتنی یەکلەدوایەکدا تێدەپەڕێت، هەر کامێکیان جیاوازیی لەگەڵ خولی پێشتردا هەیە، بەڵکۆ لە کرۆکی یەکخستنی تواناکانی کورددا بۆ ئەوەی یەکدەست بەدەم داواکارییەکانی مافەکانی کوردەوە بچن، هەموو لایەنەکان بە هەبوونی یەک سەرۆک ڕازی دەبن، ئەویش مەلا مستەفا بارزانی (1903 – 1979) بووە.

### 1.1. گرنگی توێژینەوەکە :

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە خستنەڕووی زانیاریی کەسی و پاشخانی سیاسی دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد ـ عێراق بۆ تێگەیشتن لە یەکگرتنی یەکەمی پارتییە. بەپێی زانیارییەکانی توێژەر و پاش بەدواداچوونێکی ورد، دەرکەوت ئەمە یەکەمین کاری زانستی و مێژوویییە سەبارەت (پێشینە و ئاراستەی سیاسیی دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد ـ عێراق 1946)، هەربۆیە بەشێوەیەکی زۆر ورد زانیاری لەمبارە دەخەینە ڕوو.

### 2.1. ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لە نووسینی ئەم بابەتە، بەرجەستەکردنی قۆناغێکی گرنگی مێژووی هاوچەرخی کوردە لە باشووری کوردستان و سەرنجدانە لە خۆنەویستیی بەشداران لە دامەزراندنی پارتیدا، بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافی کورد لە ساڵی 1946دا، کە ئەمەش بە پێوەری سیاسی ماوەیەکی کورتە لەدوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی.

### 3.1. میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە میتۆدی وەسفیی شیکاری هەوڵدراوە زانیاری نێو سەرچاوەکان شەن و کەو بکەین.

### 1.2. بارودۆخی پاڵنەری دامەزراندنی پارتی

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەرچەندە بریتانیا وەک سەرکەوتووی جەنگی دووەمی جیهانی لە قەڵەم درا، بەڵام بە لەدەستدانی نیوملیۆن کوژراو و مایەپوچبوونی دارایی، بووە دەوڵەتێکی پلەدوو لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا. بەمەش سیمای دوو زلهێزی نوێی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤییەت بەدەرکەوت. لەم دارێژانەوە سیاسییەی پاش جەنگدا، دەستەبژێری کوردیش هەستی بەوە کرد، کە بە یەکبوون دەکرێت بە گژ پیاوانی بریتانیا لە عێراقدا بچنەوە، چونکە سەرنجیان دەدا کە پشتگیری یەکێتیی سۆڤییەت بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جەختکردنەوە بوو لە پشتگیرییان بۆ دۆزی کورد (الحربي، 2002: 46 ـ 48).

لەلایەکی ترەوە، یەکگرتنی هێزە هەرێمییەکانیش بێکاریگەری نەبوو. لەوانەش دامەزراندنی کۆمکاری عەرەبی لە ساڵی 1945دا، لە عێراق، میسر، سعودیە، سوریا، میرنیشنی ڕۆژهەڵاتی ئوردن، لوبنان و یەمەن بە مەبەستی هاوکاریی و هاوبەشی سیاسی، سەربازی و ئابووری بوو. پشتگیری مانەوەی سنوورەکانی ئەم دەوڵەتانەی دەکرد (السويدي، 2011: 349، 351). ئەمەش خاڵێکی ترە بۆ ئەوەی کورد لە باشووری کوردستان هەست بە مەترسی زیاتر بکات و پەلە لە یەکگرتن بکات تا بتوانێ بەرەنگاری ئاڵنگارییەکان ببێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، نوری سەعید سالح (1888 ـ 1958) سەرۆکوەزیرانی عێراقی پادشایی، لە 28ی شوباتی 1946دا

لە سەفەرێکیدا بۆ ئانکارای پایتەختی کۆماری تورکیا پێشنیاری ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و ئاسایشی هاوبەش خستەڕوو. گرنگترین خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیەش لێدانی بزووتنەوەی کوردی لەهەر شوێنێک بووە. لەدوای چەندین خولی بەپەلە و یەکلەدوای یەکی دانوستاندن، لە ڕێکەوتی 5ی ئاداری 1946دا ئەم ڕێککەوتننامەیە لەلایەن شانشینی عێراق و کۆماری تورکیاوە واژۆی لەسەر کراوە. ڕێککەوتنەکە کە زۆر بە ئاشکرا کراوە و نهێنی نەبووە، هاوکاری سیاسی، ئابووری، ئاسایش و دادوەریشی لەخۆ دەگرت. تەنانەت ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە گرنگییان پێداوە. لەنێو پارت و هێزە عێراقییەکانی ئەو سەردەمەشدا تەنیا حیزبی شیوعیی عێراق بە تەواوی دژی وەستاوەتەوە (القيسي، 2022: 37 ــــ 38). بەمەش بەدەرکەوتنی مەترسییەکان بۆ کورد چووە قۆناغێکی کرداری و یەکگرتنی هێزە کوردیەکانی باشووری کوردستان بووە سیمای ئەم قۆناغە هەستیارە.

## 1.2. دەستەی دامەزراندنی قۆناغی نهێنی :

دوابەدوای چەکەرەکردنی ململانێی ناوخۆیی لەناو حیزبی شیوعیی عێراقیدا، لە مانگی نیسانی 1945دا سەروتاری ڕۆژنامەی (القاعدة) وەک بانگەوازێکە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسیی کوردی. تا لەڕێی ئەم کۆمەڵەیەوە کورد خەباتی خۆیان یەک+بخەن، بەجۆرێک کە بەڵێنی پشتگیری و هاوکاریشیان دابوو. لە 20ی نیسانی 1945دا ڕێکخراوی (وحدة النضال) چووە پاڵ حیزبی شیوعیی عێراقەوە، هەروەها لقی کوردستانیشیان، کە پێشتر بە یەکێتیی تێکۆشین دەناسران، وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ خۆیان بە ناوی حیزبی شیوعیی لە کوردستانی عێراقەوە ناساند، کە لەناو جەماوەردا بە حیزبی شۆڕش ناسران. لەدوای تەواو بوونی جەنگی دووەمی جیهانییەوە (حمد، 2014: 355 ــــ 356)، کە وا هزر دەکرا ئەم حیزبە شوێنی حیزبی هیوای پێش خۆی بگرێت، بەڵام لە ڕاستیدا نەیتوانی گۆڕەپانی خەباتی باشووری کوردستان پڕ بکاتەوە.

لەپاش ئەم هەوڵانە، لەژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە جیهانی و هەرێمیەکان، کە زادەی تەواو بوونی جەنگی دووەمی جیهانی بوون. دەستەی دامەزرێنەری قۆناغی نهێنی پارتی دیموکراتی کورد ــــ عێراق لە مانگی شوباتی 1946دا، لە شاری مەهاباد، بە ئەنجامدانی سێ کۆبوونەوە یەک لە دوای یەک دامەزراوە. ناوەکانی دامەزرێنەران بە کەمێک جیاوازییەوە لە سەرچاوەکان تۆمار کراون. لای عەلی عەبدوڵا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کورد ـ عێراق و مەسعود بارزانی، بە شێوەی خوارەوەیە :

1. مەلا مستەفا شێخ محەمەد شێخ عەبدولسەلام ناسراو بە مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەر.
2. پارێزەر هەمزە عەبدوڵا عومەر ناسراو بە لەزگین (1915 ـ 1998)، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر.
3. پێشەنگی ڕوکن میرحاج ئەحمەد ناسراو بە میرحاج ئاکرەیی (1911 ـ 1988)، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر.
4. پێشڕەوی ڕوکن عیزەت عەبدولعەزیز عەبدوللەتیف ناسراو بە عیزەت ئامێدی و عیزەت کەتانی (1912 ــــ 1947)، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر.
5. پێشەنگ مستەفا مستەفا ناسراو بە مستەفا خۆشناو (1912 ـ 1947)، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر.
6. جێداری یەکەم خەیروڵا عەبدولکەریم عەبدوڵا (1912 ـ 1947)، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر.
7. جێداری دووەم محەمەد مەحمود محەمەد حیلمی ناسراو بە محەمەد قودسی (1922 ــــ 1947)، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر.
8. جێداری یەکەم نوری ئەحمەد تەها ناسراو بە شێردڵ (1921 ـ 1991)، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر.

بە ڕای ئەو دوو کەسایەتییەی سەرەوە تەنیا ناوی هەشت کەسی دامەزرێنەر لەخۆ دەگرێت (عبدالله، 1968: 52 ـ 53 ؛ بارزانی، 2020: 187). لە ڕاستیدا دەستەی دامەزرێنەر لە چەند خولدا کۆبوونەتەوە. لە خولی یەکەمدا، تەنیا هەشت کەس تیایدا بەشدار+بوون، هەرچی خولی دووەمی و سێیەمیشە، هەر بە ئامادەبوونی هەشت ئەندامەکەی پێشتر و زیادبوونی حەوت کەسایەتی تر بووە. پێشەنگ بەکر عەبدولکەریم عەبدولواحید ئاغا ناسراو بە بەکر حەوێزی (1914 ــــ 1999)، لە ئەفسەرانی باشووری کوردستان، کە بەشداری سوپای کۆماری دیموکراتیی کوردستان و هاوچەرخی

ڕووداوەکانە و یەکێکە لە بەشـــدارانی دامەزراندنی پارتی، بەم شـــێوەیەی خوارەوە ئاماژە بە ناوەکانی دەســـتەی دامەزرێنەر دەکات :

1. مەلا مستەفا بارزانی.
2. هەمزە عەبدوڵڵا.
3. مامۆستا ئەنوەر عەبدوڵڵا حەسەن ناسراو بە عەبدوڵڵا دڵسۆز (1924 ـ 1995).
4. بەکر عەبدولکەریم.
5. مستەفا خۆشناو.
6. نوری ئەحمەد تەها.
7. محەمەد قودسی.
8. عیزەت ئامێدی.
9. خێروڵڵا عەبدولکەریم.
10. جێداری یەکەم جەلال ئەمین مەحمود ناسراو بە جەلال ئەمین بەگ (1911 ـ 2004).
11. جێداری یەکەم محەمەد ساڵح فەقێ محەمەد ناسراو بە محەمەد ژاژڵەیی (1917 ـ 1992).
12. جێداری دووەم عەبدولڕەحمان تەیب عەبدوڵڵا ناسراو بە عەبدولڕەحمان موفتی ئامێدی (1920 ـ 1993).
13. میرحاج ئاکرەیی.
14. عەبدولوهاب محەمەدعەلی ئیبراهیم ئاغا ناسراو بە عەبدولوەهاب ئاغای ڕواندزی (1909 ـ 1972).
15. لەتیف مەحمود سەعید ناسراو بە شێخ لەتیف حەفید بەرزنجی (1917 ـ 1972). (حەوێزی، 2001: 37).

هەمزە عەبدوڵڵایش خۆی یەکێک بووە لە بەشدارانی سەرەکی دەستەی دامەزراندن، عەلی عەبدوڵڵا، مەسعود بارزانی و بەکر حەوێزی دان بە بوونی ناوبراو لە دەستەی دامەزراندن دەکەن. لە چاوپێکەوتنێکیدا باس لە سێ خولی دانیشتن بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد ـ عێراق، بە ئامادە بوونی نۆ کەس بە شێوەی خوارەوە دەکات:

1. مەلا مستەفا بارزانی.
2. هەمزە عەبدوڵڵا.
3. ئەنور دڵسۆز.
4. عەبدوەهاب ئاغا ڕواندزی.
5. محەمەد قودسی.
6. مستەفا خۆشناو.
7. میرحاج ئاکرەیی.
8. عەبدولڕەحمان موفتی.
9. نوری ئەحمەد تەها (عەبدوڵا ، 1998: 14).

لە کۆتاییدا، لەدوای وردبوونەوە و بەراوردی ســـەرجەم ســـەرچاوە جیاوازەکانی بەردەســـت، دەتوانین دامەزرێنەرانی قۆناغی نهێنیی پارتی دیموکراتی کورد ـ عێراق، بەم پانزە کەسایەتییەی خوارەوە دابنێین:

1. مەلا مستەفا بارزانی.
2. شێخ لەتیف حەفید.
3. هەمزە عەبدوڵڵا.
4. میرحاج ئاکرەیی.
5. عیزەت ئامێدی.
6. مستەفا خۆشناو.
7. خەیروڵڵا عەبدولکەریم.

8. محەمەد قودسی.
9. نوری ئەحمەد تەها.
10. عەبدولوەهاب ئاغا ڕواندزی.
11. بەکر حەوێزی.
12. عەبدولڕەحمان موفتی.
13. جەلال ئەمین بەگ.
14. محەمەد ژاژاڵەیی.
15. ئەنوەر دڵسۆز.

کۆتا ئاماری ئەندامانی دەســـتەی دامەزراندنی پارتی لە قۆناغی کاری نهێنی پانزە کەس بوون، ئەمەش لە گرنگی ئەو ئەرکەی پێیان سپێراوە نزیکە (ساڵح و یوسف، 1998، 14 ؛ عبدالله، 1968، 52 ــ 53 ؛ کریم، 1998، 33 ؛ بارزانی، 2020، 187).

## پێشینە و ئاراستەی سیاسیی دەستەی دامەزرێنەری قۆناغی نهێنی

بۆ بەرچاوڕوونی بنەچە و پاشخانی سیاسیی و ڕۆشنبیری ئەو کەسایەتییانەی بەشدار بوون لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد ــــ عێراق و لە قۆناغی نهێنیدا، کە هەر یەکێکیان لە خانەوادەیەکی سیاسیی، سەربازی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بوون، ئەم زانیارییانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو، کە پەیوەندییان بە ژیاننامەی سیاسیی ئەو تاکانەیان هەیە:

1. مەلا مستەفا بارزانی: شێخ عەبدولسەلامی باپیری بێجگە لە خاوەنداریەتی قوتابخانەی ئاینی بارزان، لەسەر دەستی شـــێخ خالیدی نەقشـــبەندی بوویتە خەلیفە و تەکیەی بارزانی دامەزراندووە، دواتر شـــێخ محەمەدی باوکی بوویتە پێشەوای تەکیەی بارزان (بارزانی، 2020: 17 ـ 18). ساڵی 1927 سەرۆکایەتی لقی ڕواندزی کۆمەڵەی خۆیبوون بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی (1892 ــ 1969) برای مەلا مستەفا بارزانی بووە (الجمور، 2023: 189). ئەمەش نیشانەی ئەوەیە مەلا مستەفا بارزانیش لە کۆمەڵەی خۆیبووندا کاری کردووە. لە ساڵی 1931دا وەک فەرماندەیەکی باڵا بەشداری شۆڕشی یەکەمی بارزانی کردووە (بارزانی، 2020: 36 ــــ 38). لە ساڵی 1943دا بە هاوکاری شێخ لەتیف حەفید توانیویەتی بە نهێنی شـاری سـلێمانی بە جێ بهێڵێ و لە ڕێی ڕۆژهەڵاتی کوردســتانەوە خۆی بگەیەنێتە دەڤەری بارزان و شـۆڕشـی دووەمی بارزان هەڵبگیرسـێنێ (سعدالله، 1959: 44 ؛ جویده، 2013: 541 ــــ 542 ؛ روزولت، 1393: 315 ــــ 316، 318). کۆمەڵەی (ژ.ک) لە مانگی تشرینی 1943 و لە *گۆڤاری نیشتمانی* ئۆرگانیان، مەلا مســتەفا بارزانی بە ســەرۆکی گەورەی کورد دەناســێنن (کریمی، 2008: 49) بەمەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان وەک قارەمانی کورد ناسراو بووە. لە سەرەتای ساڵی 1945دا سەرۆک و یەکێک لە دامەزرێنەرانی لیژنەی ئازادی بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی بارزان بووە (پسیان، 1328: 31 ــــ 32، 39 ــــ 40 ؛ دەباغ، 1999: 7). لەدوای نسکۆی شـــۆڕشـــی بارزان و لە مانگی تشـــرینی یەکەمی ســـاڵی 1945دا بە یاوەری هەمزە عەبدوڵلا و میرحاج ئاکرەیی بە مەبەســتی نیشــتەجێبوونی کوردە باشــوورییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتانی بندەســەڵاتی ســوپای ســووری یەکێتیی ســۆڤییت، ســەردانی جەنەڕاڵ لیوبۆڤ (Lioubov) دەکەن، کە ڕازیبوونی ئەویان بە دەســت هێناوە (کوچرا، 1377: 190 ــــ 191). لەدامەزراندنی کۆماری دیموکراتیی کوردســتاندا لە 22ی کانوونی دووەمی 1946، وەک ســەرۆکی لیژنەی ئازادی بانگهێشـتی ئاهەنگی جاڕدانی کۆماری دیموکراتیی کوردسـتان کراوە و لە فەرماندە باڵاکانی سـوپاکەی بووە (حمدي، 1992: 231، 246 ؛ گوهری، 2013: 175). یەکێک لە پەیڕەوانی نەقشـــبەندی بەشـــداری دامەزراندنی پارتی بووە، نزیک بوونەوەی لە ڕێبازی قادری بە هۆی شـێخ لەتیف حەفید دووبەرەکی لە کۆمەڵگای کوردەواری کەم کردووە.

2. هەمزە عەبدوڵلا: لە ساڵی 1932دا لە کۆمەڵەی لاوانی کورد چالاکی نواندووە. لە ساڵانی 1934 ــــ 1938 لە شانە سەرەتاییەکانی حیزبی شیوعیی عێراقدا کاری ڕێکخستنی ئەنجام داوە. ساڵی 1936 پەیوەندیی کەسی بەهێزی لەگەڵ بنەماڵەی شـــێخانی بارزاندا هەبووە (عەبدوڵا ، 1998: 2 ــــ 4). لە ســـاڵی 1937دا نامیلکەییەکی ئیبراهیم ئەحمەد،

هاوقوتابی کۆلێجی مافی بە ناونیشانی *الأكراد والعرب* لەچاپ داوە و ساڵی 1938 بۆ ماوەی شەش مانگ، بە تۆمەتی لەچاپدانی لەلایەن حکومەتی پادشایی عێراقەوە بەند کراوە (حمد، 2014: 354). ساڵی 1945 لە دامەزرێنەران و ئەندامانی لیژنەی ئازادی بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی بارزان بووە (دەباغ، 1999: 7). لەلایەکی ترەوە، پەیوەندی هەمزە عەبدوڵلا وەک پارێزەر و بنەماڵەی بارزان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1935، واتە ئەو کاتەی کە سەردانی شێخ محەمەد خالید بارزانی و ئولو بەگی بە مەبەستی ئاگاداری لە بارودۆخیان و پێشکەش کردنی ئامۆژگاری یاسایی کردووە (عەبدوڵا، 2008: 27). هەمزە عەبدوڵلا لەدوای نسکۆی شۆڕشی بارزان بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێک لەگەڵ مستەفا خۆشناو و میرحاج ئاکرەیی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا بووە (عەبدوڵا، 2008: 27 ــــ 28). هەربۆیە دەتوانین بڵێین پیاوێکی بەئەزمون و جیهاندیتە بووە و بە سیاسەتی ناوچەکە ئاشنا و لە ڕووی خوێندەواریش باڵا بووە.

3. شێخ لەتیفی حەفید: کوڕی شێخ مەحمودی حەفید حوکمداری کوردستان و لە بنەماڵەی شێخانی بەرزنجی سەر بە ڕێبازی قادری سلێمانییە. ساڵی 1926 سەرۆکی کۆمەڵەی برایەتیی کورد و ئەندامی لیژنەی هۆز و تیرە و عەشیرەتەکانی کۆمەڵەکە بووە (کوچرا، 1377: 168 ؛ ئاگرین، 2008: 90 ــــ 92). ساڵی 1932 ئەندامی کۆمەڵەی ڕزگاری بووە (الجمور، 2023، 111). وەختێک پێشەوا قازی محەمەد (1900 ـ 1947) چوونی کوردانی باشووری بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەترسی لەسەر ئەزموونی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەزانی و پێی وابوو دەستی بریتانیای بۆ دەستێوەردان والا دەکات، لەگەڵ باشوورییەکان لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکار نەبوو، بەمەش شێخ لەتیفی حەفید ڕۆڵێکی باشی گێڕا لە نزیککردنەوەی هەردوولایەن و پشتگیری مەلا مستەفا بارزانی کرد (الدوسكي، 2005: 102 ـ 103). وەک کەسایەتییەکی سەر بە ڕێبازی قادری بنەماڵەکەی بەناوبانگ بووە و خۆشی لە کاری سیاسیدا باڵادەست و کارامە بووە، بەڵکو خاوەن ئەزمونی سیاسی و سەربازی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواجاریش کوڕی شێخ مەحمود حەفید، شۆڕشگێڕی بە ناوبانگی کورد بووە.

4. میرحاج ئاکرەیی (1911 ــــ 1988): ئەندامی ڕێکخستنی ئەفسەرانی حیزبی هیوا بووە و لە 16ی ئابی 1942دا ئەندامی دەستەی پەیوەندیی حیزبی هیوا لەگەڵ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە (شەمزینی، 2006: 263 ـ 264، 267 ـ 268 ؛ کەمال، 2025: 77). لە ناوەڕاستی ساڵی 1944دا لەسەر پشتگیری لە شۆڕشی دووەمی بارزان لەلایەن حکومەتی پادشایی عێراقەوە بەند کراوە (دەباغ، 1997: 50). لەدوای هەڵاتنی لە بەندیخانە لە ساڵی 1944دا پەیوەندیی بە ڕیزەکانی شۆڕشی بارزانەوە دەکات (کوچرا، 1377: 187). هەروەها ساڵی 1945 لە دامەزرێنەرانی لیژنەی ئازادی بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی بارزان بووە (دەباغ، 1999: 7). ساڵانی 1945 ـ 1946 لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلا و میرحاج ئاکرەییدا لە ئەندامانی سێکۆچکەی نزیکەکانی مەلا مستەفا بارزانی بووە (عەبدوڵا ، 1998: 27 ـ 28).

5. عیزەت عەبدولعەزیز ئامێدی: لە بنەماڵەی کەتانیی شارۆچکەی ئامێدی باشووری کوردستان بووە، ئامێدی کۆنە پایەتەختی میرنشینی بادینانە. لەگەڵ بنەماڵەی شێخانی بارزان، بێجگە لە هاوپەیمانی، خزمایەتیشیان لە ڕێ ژن و ژنخوازی هەبووە (کەتانی، 2016: 1). لە ئەندامە چالاکەکانی ڕێکخستنی ئەفسەرانی حیزبی هیوا و ساڵی 1944 وەک ئەفسەر بەشداریی شۆڕشی بارزان کردووە و یەکەی تۆپخانەی شۆڕشی بەڕێوە بردووە (کوچرا، 1377: 187 ؛ حەوێزی، 2001: 11 ؛ تاڵەبانی، 2023: 120)، هەروەها لەسەر ڕاسپاردەی مەلا مستەفا بارزانی بە ناوی شۆڕشی بارزانەوە پەیوەندیی بە کۆمەڵەی خۆیبوون و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان لە سوریا و میسر بە مەبەستی ڕاوێژ و هاوکاری دەکات (بارزانی، 2020: 130). لە سەرەتای ساڵی 1945دا بە ئەندامی لیژنەی ئازادی بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی بارزان هەڵبژێراوە (سلطانی، 1383: 67)، هەروەها لە مانگی مارسی 1945دا وەک فەرماندەی سەربازی بەرەی ڕۆژئاوا لە شۆڕشی بارزان دەست بەکار بووە (بارزانی، 2020: 132 ؛ پسیان، 1328: 37). لە دوای نسکۆی شۆڕشی بارزان لە 11ی تشرینی یەکەمی 1945 لەبەر ئەوەی لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بە ژن و ژنخوازی خزمایەتییان لەگەڵ بنەماڵەی شێخانی بارزاندا هەبووە، هەربۆیە گشت بنەماڵەکەشیان بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچ دەکەن. دواتر وەک ئەفسەری باڵای لەشکری کۆماری دیموکراتیی کوردستان ئەرکی بە ئەنجام گەیاندووە

(کەتانی، 2018: 1)، هەروەها لە 26ی کانوونی یەکەمی 1945دا لە پێکهێنەرانی لەشـــکری کۆماری دیموکراتیی کوردســـتان بووە (ملا صـــاحب، 1971: 27، 51)، ئەفســـەریەکی کارامەی تۆپخانە و ئەرکانی شـارەزا و دەرچووی کۆلێژی سەربازیی بەغدا بووە ئەمەش زیاتر هاوکاری کردووە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەربازی و سەرکەوتنی لە شەڕدا (احسانی، 1378: 179).

6. مستەفا خۆشناو : ئەندامی ڕێکخستنی ئەفسەرانی حیزبی هیوا بووە. لە 16ی ئابی 1942 لە مەهاباد وەک ئەندامی دەستەی پەیوەندی حیزبی هیوا چاوی بە سەرکردایەتی کۆمەڵەی (ژ.ک) دەکەوێت (شەمزینی، 2006: 263 ــــ 264، 267 ــــ 268 ؛ کەمال، 2025: 77). لە ناوەڕاستی ساڵی 1944دا لەسەر پشتگیری و هاوکاری شۆڕشی بارزان لەلایەن کاربەدەســـتانی عێراقی فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە و توانیویەتی خۆی ڕزگار بکات (دەباغ، 1997: 50). لە هەمان ساڵ پەیوەندیی بە ڕیزی شۆڕشی دووەمی بارزانەوە دەکات (کوچرا، 1377: 187). دواجار لە سەرەتای ساڵی 1945 بە ئەندامی لیژنەی ئازادی بۆ ســـەرکردایەتی شـــۆڕشـــی بارزان هەڵبژێراوە (دەباغ، 1999: 7)، لە ڕیزەکانی شۆڕش فەرماندەی سەربازی بەرەی مێرگەسۆر ــــ ڕواندز لە بەرامبەر بە سوپای عێراقدا بووە (پسیان، 1328: 36 ؛ بارزانی، 2020: 138، 166). بەشداریی کارای ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتیی کوردستانی لە ڕێکەوتی 22ی کانوونی دووەمی 1946 لە شاری مەهاباد کردووە (ملا صاحب، 1971: 27، 51 ؛ بارزانی، 2020: 178)

7. خەیروڵڵا عەبدولکەریم : ئەندامی ڕێکخســـتنی ئەفســـەرانی حیزبی هیوا لە شـــاری هەولێر بووە ، وەک ئەفســـەر ڕێزەکانی سوپای عێراق بەجێ دەهێڵی و پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی بارزان دەکات. لە سەرەتای ساڵی 1945 لە دامەزرێنەرانی لیژنەی ئازادی بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی بارزان بووە (دەباغ، 1999: 7). لەدوای نسکۆی شۆڕشی بارزان لە 11ی تشـرینی یەکەمی 1945دا ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان کردووە. بەشـداریی کارای ڕێوڕەسـمی ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتیی کوردســـتانی لە ڕێکەوتی 22ی کانوونی دووەمی 1946 لە شـــاری مەهاباد کردووە (ملا صاحب، 1971: 27، 51 ؛ بارزانی، 2020: 178).

8. محەمەد قودســـی: مەحمود حیلمی ئەفەندی باوکی لە شـــاری ســـلێمانی فەقێ و دواتر دەبێ بە جێداری دووەم لە سـوپای عوسـمانی (صـابر، 2008: 473)، محەمەد قودسـی سـاڵی 1930 لە ڕیزی ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵەی برایەتی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ لەتیف حەفید لە شاری سلێمانی خەباتی کردووە (ئاگرین، 2008: 90 ـ 91). لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەندامێکی چالاکی ڕێکخستنی ئەفسەرانی حیزبی هیوا بووە (تاڵەبانی، 2023: 120). لەدوای پەیوەندی بە ڕیزەکانی شـۆڕشـی بارزان لە سـەرەتای سـاڵی 1945دا بە ئەندامی لیژنەی ئازادی بۆ سـەرکردایەتی شۆڕشی بارزان هەڵبژێراوە (دەباغ، 1999: 7)، لە مانگی مارسی 1945دا بە سەرۆکی ئەرکانی بەرەی ڕۆژهەڵات لە شۆڕشی بارزان دەستنیشانکراوە (سلطانی، 1383: 88)، هەروەها جێگری فەرماندەی بەرەی مێرگەسۆر – ڕواندز دژ بە سـوپای عێراق بووە و لەدوای نسـکۆی شـۆڕشـیش لە 11ی تشـرینی یەکەمی 1945دا لەگەڵ هەڤاڵانی ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. بەشداریی کارای ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتیی کوردستانی لە ڕێکەوتی 22ی کانوونی دووەمی 1946 لە شاری مەهاباد کردووە (پسیان، 1328: 39).

9. نوری ئەحمەد تەها : لە موکرییەکانی شاری سلێمانی و ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان (صـابر، 2008: 652)، لە ئەفســـەرانی ڕێکخســـتنی حیزبی هیوا بووە و هاوکاریی شـــۆڕشـــی بارزانی کردووە. دوای نسکۆی شۆڕشی بارزان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەندی بە مەلا مستەفا بارزانییەوە کردووە. بەشداری کارای ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتیی کوردستانی لە ڕێکەوتی 22ی کانوونی دووەمی 1946 لە شاری مەهاباد کردووە (بارزانی، 2020: 122، 167، 178).

10. عەبدولوەهاب ئاغا ڕواندزی: ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاغاکانی هۆزی ئاکۆ، عەبدوڵڵا ســـەرهەنگ باپیرە گەورەیان لە حکومەتی پاشـــای گەورەی میری ڕواندز لە ســـوپادا پلەی ســـەرهەنگ بووە، باوکی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە (جندیانی، 2019: 2). لە ســـەرەتای ســـاڵی 1931دا لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی یاریدەدەرانی کوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر و لە ئەندامانی چالاکی حیزبی هیوا بووە (حەمەدئەمین، 2016:

31 ـــ 32). لە مانگی تشرینی یەکەمی 1943دا داواکاریی دانوستاندنی حکومەتی عێراقی بە دەستی ئەو دەگاتە مەلا مستەفا بارزانی لە دەڤەری بارزان (دەباغ، 1997: 26). بەشداریی شۆڕشی بارزانی کردووە. ساڵی 1945 بۆ کەمتر کردنی گوشار بۆ سەر بارزان هێرشی لەناکاو دەکاتە سەر فڕۆکەخانەی دیانا و هێزی ئاسمانی پادشایی عێراق دەخاتە بەر مەترسی (میرانی، 2005: 14 ـ 15).

11. بەکر حەوێزی: لە بنەماڵەی حەوێزیی شارۆچکەی کۆیەیە، هەروەها باوکی بە کەسایەتییەکی دەستڕۆیشتوی دەڤەرەکە ناسراوە. ساڵی 1935 لە کۆلێژی سەربازی بەغدا وەرگیراوە و پەیوەندیی بە کۆمەڵەی خۆیبوونەوە کردووە. ساڵی 1938 پەیوەندیی بە ڕێکخستنی ئەفسەرانی حیزبی هیواوە دەکات و لە کۆتایی ساڵی 1943دا بە مەبەستی سووککردنی گوشار بۆ سەر شۆڕشی دووەمی بارزان لە کۆیە دەست بە جموجوڵی شۆڕشێکی ناکام دەکات. لە ڕێکەوتی 26ی کانوونی دووەمی 1946دا بەشداریی جاڕدانی کۆماری دیموکراتیی کوردستانی لە شاری مەهاباد کردووە، هەروەها لە دامەزرێنەری هێزی پاسەوانی کۆماری و بە پلەی پێشکار فەرماندەی سەربازی بەرەی سەردەشت ـ بانە دژ بە سوپای شانشینی ئێران بووە (حەوێزی، 2001: 15، 27).

12. عەبدولڕەحمان موفتی: لە بنەماڵەی ئایینی بەناوبانگی موفتی شاری ئامێدی بووە (جار حەمید، 2016: 1). وەک ئەفسەر بەشداری شۆڕشی بارزانی کردووە، لەدوای نسکۆی شۆڕش لەگەڵ هەڤاڵانی ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە و بەشداریی کارای ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتیی کوردستانی لە ڕێکەوتی 22ی کانوونی دووەمی 1946 لە شاری مەهاباد کردووە (بارزانی، 2020: 167، 178).

13. جەلال ئەمین بەگ: ئەندامی ڕێکخستنی ئەفسەرانی حیزبی هیوا بووە. لە 10ی شوباتی 1945دا پەیوەندیی بە مەلا مستەفا بارزانییەوە دەکات و وەک ئەفسەر بەشداری شۆڕشی بارزانی کردووە، هەروەها وەک جێگری فەرماندەی گشتی بەرەی چیای پیرس دژ بە سوپای عێراق ئەرکی ئەنجام داوە. لەدوای نسکۆی شۆڕشی بارزان لەگەڵ هەڤاڵانی ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە و بەشداری کارای ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتیی کوردستان لە ڕێکەوتی 22ی کانوونی دووەمی 1946 لە شاری مەهاباد کردووە (پسیان، 1328: 34، 39 ؛ ملا صاحب، 1971: 27، 51).

14. محەمەد ژاژاڵەیی: ئەندامی ڕێکخستنی ئەفسەرانی حیزبی هیوا بووە، هەروەها بەردەوام هاوکاری شۆڕشی بارزانی کردووە. ساڵی 1946 لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پەیوەندیی بە مەلا مستەفا بارزانییەوە دەکات و بەشداریی کارای ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتیی کوردستانی لە ڕێکەوتی 22ی کانوونی دووەمی 1946 لە شاری مەهاباد کردووە (سعدالله، 1959: 47 ؛ بارزانی، 2020: 122، 167، 178).

15. ئەنوەر دڵسۆز: سەر بە بنەماڵەی ئایینی مەلا گچکەی شاری هەولێر بووە (عەبدوڵا، 1998: 15)، سەرەتای خەباتی سیاسی خۆی لە حیزبی هیوا دەستپێدەکات و ساڵی 1943 لەدوای وازهێنانی لە حیزبی هیوا پەیوەندیی بە کۆمەڵەی میللەت لە شاری هەولێر دەکات (دەباغ، 1994: 3)، دوابەدوای ئەم خەباتە ساڵی 1945 پەیوەندی بە ریزەکانی حیزبی شیوعیی لە کوردستانی عێراق ناسراو بە حیزبی شۆڕش دەکات (الحيدري، 2004 : 211، 236). شێخ لەتیف حەفید، عەبدولڕەحمان موفتی و ئەنوەر دڵسۆز نوێنەری بەرچاوی خانەدانی ئاینی ناو شارەکان، هەروەها مەلا مستەفا بارزانی نوێنەرایەتی خانەدانی ئاینی گوندی لە دامەزراندنی پارتی بووینە. زۆرینەش لە چینی ناوەڕاستی ڕۆشنبیری شارەکان بووینە.

کەواتە بەم ڕوونکردنەوانە بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی هەڵبژاردەی کۆمەڵگای کوردین و خاوەن ئەزموونی خەباتن و لە سەرانسەری باشووری کوردستانەوە هاتوون. زۆرینەیان خەڵکی شارەکانن و سەر بە بنەماڵەی وردەبۆرژوای شاری، خانەدانی شاری، بنەماڵەی ئاینی و کەمترینیان لە گوند لەدایک بوون. هەربۆیە ئاگاداری کەشی سیاسیی ناوچەکە و بارودۆخی جیهانی بوون، سەرباری ئەوەی کە خاوەن ڕۆشنبیرییەکی بەرز+بوون و لە کوورەی خەباتدا پێگەیشتوون.

**ئەنجام :**

لە ماوەی لێکۆڵینەوەی توێژەر لەم بابەتە، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووین:

1. هیچ کام لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان نەیانتوانی شوێنپێی بەهێز بۆ خۆیان دروست+بکەن، پارتی دیموکراتی کورد ـ عێراق بە کۆکردنەوەی گشتیان کاری بۆ ئامانجی سەرەکی کرد.

2. پارتی دیموکراتی کورد ـــ عێراق هەنگاوی بەرەو ڕێکخراوێکی سیاسیی سەرانسەری کوردستانی نەنا، باشووری کوردستانی کردە ناوەندی چالاکی خۆی.

3. دامەزرێنەرانی سەرەکی پارتی دیموکراتی کورد ـــ عێراق دەستەبژێری کۆمەڵگای کوردی باشووری کوردستان بوون و لە ڕۆشنبیرانی شاریی، خانەدان و بنەماڵەکانەوە هاتبوون.

4. دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد ـــ عێراق، ئاگاداری بارودۆخی سیاسی ناوچەکە بوون، متمانەیان بە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵات نەبوو، کە نوێنەرایەتی باشووری کوردستانیش بکات، هەر بۆیەش خۆیان ئەم کارەیان ئەنجام دا.

5. بە پێچەوانەی هەندی کۆمەڵەوە، هیچ هزرێکی فەلسەفییان هەڵنەبژارد، تاقە مەبەستیان دامەزراندنی حیزبێکی جەماوەریی سەرانسەری بووە.

6. ساڵی 1927 کۆمەڵەی خۆیبوون گشت کۆمەڵە سیاسیەکانی باکووری کوردستانی یەکخست، هەورەها پارتی دیموکراتی کورد ـــ عێراق ساڵی 1946 بۆ دووەمین جار لە مێژووی هاوچەرخی کورد، گشت کۆمەڵە سیاسییەکانی باشووری لە یەک ڕێکخستنی سیاسی یەکخست.

**5. سەرچاوەکان :**

**کوردی**

پەرتووک:


– تاڵەبانی، جەلال (2023)، کوردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردستانە، چاپی چوارەم، مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری، سلێمانی.

– حەمەدئەمین، ئەحمەد (2016)، وەهاب ئاغای ڕواندزی توێژینەوەیەکی مێژووییە لە ژیان و ڕۆڵی سیاسی و نیشتمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

– حەوێزی، بەکر عەبدولکەریم (2001)، گەشتێک بە کۆماری مەهابادا، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

– دەباغ، فەیسەڵ (1997)، حزبی هیوا و شۆڕشی (1943 ـ 1945)ی بارزان، چاپی یەکەم، دەزگای ڕاگەیاندنی گوڵان، هەولێر.

– زیرەک کەمال، زیرەک (2025)، مستەفا خۆشناو شەهیدێک پڕ بە باڵای کوردستان 1912 ـ 1947، چاپی یەکەم، هەولێر.

– شەمزینی، عەزیز (2006)، جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی.

– صابر، عبدالخالد (2008)، شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمان لە نێوان ساڵانی 1784 ـ 1914، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

– عبدالله، علی (1968)، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات بی شوێنی چاپ.

– مسعود بارزانی، مسعود (2020)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد 1931 ـ 1958، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– ملا صاحب، محمد بهاءالدین (1971)، پێشەوا قازی محمد و کۆماری مەهاباد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی.

– میرانی، چالاک (2005)، ڕواندز ... قەڵای خەبات و کوردایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.

– ئامادەکردنی کەریمی، عەلی (2008)، نیشتمان بڵاوکراوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک، چاپی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی.


گۆڤار:


– ئاگرین، عەبدوڵا (2008)، کۆمەڵی برایەتی ئەڵقەیەکی بزربووی گرنگی بزوتنەوەی کوردایەتییە، گۆڤاری K21، ژمارە 2 و 3، هەولێر.

– عەبدوڵا، هەمزە (2008)، کەسایەتی مەلا مستەفا، دەستنووسی دووەم، گۆڤاری K21، ژمارە 2 و3، هەولێر.

**ڕۆژنامە :**

– دەباغ، فەیسەڵ (1999)، بارزانی نەمر خاوەن بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد بوو، نەک هەمزە عەبدوڵڵا، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە 2901، هەولێر.

– دەباغ، فەیسەڵ (1994)، لە سێ و یەکەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی کردنی دا، ڕۆژنامەی برایەتی، پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو، ژمارە 1955، هەولێر.

**چاوپێکەوتن :**

– دیمانەیەک لەگەڵ جار حەمید، واسیلیا محەمەد (4ی تشرینی یەکەمی 2016)، لەلایەن فوئاد ڕەوەند، دهۆک.

– دیمانەیەک لەگەڵ جندیانی، ئازاد (16ی شوباتی 2019)، لەلایەن فوئاد ڕەوەند، هەولێر.

– دیمانەیەک لەگەڵ کەتانی، شیرین عەلی (5ی تشرینی یەکەمی 2018)، لەلایەن فوئاد ڕەوەند، هەولێر.

– دیمانەیەک لەگەڵ کەتانی، موحسێن ساڵح (7ی تشرینی یەکەمی 2016)، لەلایەن فوئاد ڕەوەند، ئامێدی.

– دیمانەیەک لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا ئامادەکردنی : ساڵح، سدیق و یوسف، عەبدولڕەقیب (6ی تشرینی یەکەمی 1998)، (لە ئەرشیفخانەی پ.د. ئەحمەد حەمەدئەمین وەرگیراوە).

**عەرەبی**

– الجمور، أحمد صابر (2023)، النشاط السياسي الكردي في بغداد 1921 . 1958، الطبعة الاولى، دار قناديل للنشر والتوزيع، بغداد.

– جويده، وديع (2013)، الحركة القومية الكردية نشأتها وتطورها، الطبعة الاولى، دار أراس للطباعة والنشر، اربيل.

– الحربي، علاء جاسم محمد (2002)، العلاقات العراقية . البريطانية 1945 . 1958، الطبعة الاولى، بيت الحكمة، بغداد.

– حمدي، وليد (1992)، الكرد و الكردستان في الوثائق البريطانية دراسة تاريخية وثائقى، الطبعة الاولى، مطابع سجد العرب، بدون مكان الطبع.

– الدوسكي، هوزان سليمان (2005)، جمهورية كوردستان دراسة تاريخية . سياسية، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل.

– سعدالله، صلاح الدين محمد (1959)، كردستان والحركة الوطنية الكردية، الطبعة الاولى، مطبعة الاهالي، بغداد.

– السويدي، توفيق (2011)، مذكراتي نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، الطبعة الاولى، الذاكرة للنشر والتوزيع، عمان.

– القيسي، سيف عدنان (2022)، الحزب الشيوعي العراقي والقضية الكردية دراسة في أرشيف الوثائق السرية والعلنية للحزب (1935 . 1975)، الطبعة الاولى، دار سطور للنشر والتوزيع، بغداد.

– الحيدري، صالح (2004)، مختارات من مذكرات صالح الحيدري، الطبعة الاولى، السليمانية.

**گۆڤار**

– حمد، دلير احمد (2014)، حمزه عبدالله ... دوره في تأسيس الحزب الديمقراطي الكوردي ــ العراق وتطوره (1946 ــ 1953)، مجلة K21، العدد 21، مطبعة روژهەلات، اربيل.

**فارسی**

**پەرتووک :**

– احسانی، علی اصغر (1378 ش)، خاطرات ما از قیام افسران خراسان، چاپ اول، نشر علم، تهران.

– پسیان، نجفقلی (1328 ش)، از مهاباد خونین... تا ... کرانەهای ارس، چاپ اول، شرکت سهامی چاپ، تهران.

– روزولت، آرچیبالد (1393 ش)، شوق اموختن، چاپ سوم، ترجمه صهبا سعیدی، انتشارات اطلاعات، تهران.

– سلطانی، محمد علی (1383 ش)، اوضاع سیاسی اجتماعی تاریخی ایل بارزان، چاپ اول، سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران، تهران.

– کوچرا، کریس (1377 ش)، جنبش ملی کرد، چاپ دوم، ترجمه ابراهیم یونسی، مؤسسة انتشارات نگاه، تهران.

– گوهری، حامید (2013)، جمهوری کردستان 1946/1/22 ـ 1946/12/17، چاپ اول، ترجمه حسن ماورانی، چاپخانه شهاب، اربیل.

**الخلفية والاتجاهات السياسية لمؤسسي الحزب الديمقراطي الكوردي – 1946:دراسة تاريخية – سياسية**

**فؤاد حسن حسين**
قسم تاريخ، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين . أربيل، أقليم كوردستان، العراق
fuad.hussein@su.edu.krd

**شوان محمدامين طه**
قسم تاريخ، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين . أربيل، أقليم كوردستان، العراق
shwan.taha@su.edu.krd

**الملخص**

تعد دراسة الخلفية والاتجاهات السياسية لمؤسسي الحزب الديمقراطي الكوردي . العراق، الذي تأسس عام 1946، من الموضوعات ذات الأهمية العلمية البالغة، نظرا للدور المستمر الذي اداه هذا الحزب في المشهد السياسي الكوردي والإقليمي حتى يومنا هذا. تهدف هذه الدراسة إلى تعميق الفهم حول التطورات الداخلية التي شهدها الحزب وأسهمت في تجديد حيويته السياسية. ومن خلال اعتماد منهج وصفي . تحليلي، يسعى الباحث إلى تناول السياقات الاجتماعية والسياسية التي رافقت نشأة الحزب في تلك المرحلة، وتحليل مسارات التكوين الفكري والسياسي لمؤسسيه. وتشير نتائج البحث إلى أن النواة التأسيسية للحزب تكونت من نخبة المجتمع الكوردي في جنوب كردستان، حيث كان معظم الأعضاء من مثقفي المدن وأبناء العائلات النبيلة وذات المكانة الاجتماعية.

**الكلمات المفتاحية:** جنوب كردستان، لجنة الحرية، الوحدة والپارتي.

**The Political Background and Orientation of the Founders of the Kurdish Democratic Party – 1946**
**A Historical-Political Study**

**Fouad Hassan Hussein**
Department of History, College of Arts, University of Salahaddin-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
fuad.hussein@su.edu.krd

**Shwan Mohamedamin Taha**
Department of History, College of Arts, University of Salahaddin-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
shwan.taha@su.edu.krd

**Abstract**
This study explores the historical background and political orientation of the founding members of the Kurdistan Democratic Party - Iraq, established in 1946, a subject of considerable scholarly significance given the party's enduring presence and influence in the political landscape of Kurdistan and the wider region. The primary objective of this research is to enhance understanding of the internal dynamics that have shaped the party's development, particularly those that contributed to its political revitalization. Employing a descriptive analytical methodology, the researcher examines the socio- political conditions surrounding the party's formation and, within this framework, analyses the personal and ideological trajectories of its founders. The findings suggest that the party was established by members of the Kurdish elite in southern Kurdistan, most of whom were drawn from urban intellectual milieus and prominent, well-established families.

**Keywords:** Southern Kurdistan, Freedom Committee, recruitment and party.